# مادەی 58 لە دیدی یاسای نێودەولەتیدا

**د.کەمال سەید قادر**
**ڤیەنا**

لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆو لێکۆلینەوانەی لە سەر مادەی 58 یاسای بەرێوەبردنی کاتی دەکرێن، گرنگترین لایەنی ئەم مادەیە فەرامۆش دەکرێت ئەویش کەوا ئەم مادەیە سەرچاوەی ئیلزامیەتی خۆی لە یاسای نێودەولەتی دەدۆزێتەوە پێش ئەوەی وەکو یاسایەکی بنەرەتی ملزەم بێت کەوا یاسایەکی ناوخۆیە. ئەمەش لایەنێکی زۆر گرنگە چونکە ئیلتیزاماتێک بە پێ ی یاسای نێودەولەتی لە چوارچێوەی یاسایەکی ناوخۆ دەردەچێت کەوا دەولەتێک دەتوانێت بە ئارەزوی خۆی دەستکاری تیا بکات یاخود هەتا لێشی پاشگەزبێتەوە چونکە جێ بە جێ نەکردنی لێپرسراوەتی نێودەولەتی لێ دەکەوێتەوە.
جا بۆیە جەختکردن لە سەر خەسلەتی نێودەولەتی ئەم مادەیە چەکێکی یاسایی قورسە بە دەست میللەتی کوردەوە ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی رێکوپێکو شارەزایانە بە کاربهێنرێت بە تایبەتی کەوا ئەم تاوانانەی مادەی 58 هەولی راستکردنەوەیاندەدات دەکەونە چاورچێوەی تاوانە نێودەولەتی یەکان وەکو تاوانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیو تاوانەکانی جەنگ کەوا نەک هەر پێشێلکردنی یاسای نێودەولەتین بەلکو پێشێلکردنی جۆرێکی تایبەتیشن لە یاسای نێودەولەتی ئەمیش جۆری jus cogens کەوا بە یاسای ملزەم بۆ هەمو مرۆڤایەتی دەژمێردرێت وە دەبێ لە هەمو حالەتێکدا پەیرەو بکرێت وە قودسیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە.
مادەی 58 لە لایەنی خۆشی یەوە لە برگەی –ب– ئاماژەیەکی کورتی بۆ پەیوەندی ئەم مادەیە بە یاسای نێودەولەتی کردوە، کاتێ پێشنیاری ئەمەی کردوە کە وا مەسەلەی تەحکیم بخرێتە پێش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە حالەتێکدا ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی بە کۆی دەنگ بگاتە رێککەوتنێک لە سەر مەسەلەی تەحکیم.

بۆیە دەبێ لە لایەنی کوردی یەوە هەمو هەولێک بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی مادەی 58 وەکو ئیلتیزاماتێکی نێودەولەتی جێ بە جێ بکرێت چونکە مادەکە خۆی پەیوەندی بە پێشێلکردنی یاسای نێودەولەتی هەیە لە لایەن دەولەتێکەوە کەوا عێراقە وە وەکو دەرئەنجامیش لێپرسینەوەی نێودەولەتی دەکەوێتە سەرشانی عێراق وە ئەم دەولەتە ئێستا ملزەمە بە لابردنی ئاسەوارەکانی تاوانەکانی رژێمی فاشستی پێشو هەروەکو ئەلمانیاو یابان بۆ نمونە پاش شەڕی جیهانی دووەم لێپرسراو بون. لێپرسینەوەکەش بە پێ ی یاسای نێودەولەتی هەرسێ لایەنی سزاییو، مەدەنیو ئیداری دەگرێتەوە. واتە تاوانبارانی جینوسایدو ئەنفال، تاوانەکانی جەنگو، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دەبێ دادگایی بکرێن وە زیان لێ کەوتوەکان دەبێ قەرەبوی مادیو مەعنەوی بکرێنەوە وە هەمو یاساو بریارەکانی رژێمی پێشو کەوا بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم تاوانانە دەرکرابون پوچەلبکرێنەوە وە ئاسەوارەکانیان رەشکرێتەوە.
یاسای نێودەولەتیش لە بواری لێپرسینەوەی دەولەتان لە سەر ئەم تاوانانەی کەوا دژ بە یاسای نێودەولەتی ئەنجامی دەدەن میراتێکی دەولەمەندی هەیە وە تاکو ئێستاش چەندەها دەولەت روبەڕوی لێپرسینەوە بونەتەوە وە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەو بناغەیەکی پتەوی جێ بە جێ کردنی مادەی 58 یش.

**پەیوەندی مادەی 58 بە یاسی نێودەولەتی:**

شێکردنەوەی ناوەڕۆکی مادەی 58 وە دەستنیشانکردنی ئەم تاوانانەی کەوا ئەم مادەیە هەولدەدات راستیانکاتەوە وە بەراوردکردنیان لە گەل ئەم تاوانانەی کەوا دەبێت بە پێ ی یاسای نێودەولەتی سزابدرێن، پەیوەندی رونی ئەم مادەیە بە یاسای نێودەولەتی دیاردەخات. بۆنمونە تاوانەکانی راگواستنەوەی بە زۆرو، گۆرینی ناسنامەی نەتەوایەتیو، بێ بەشکردنی خەلق لە سەرچاوەکانی ژیان هەروەکو لە برگەی –ا– مادەی 58 هاتوە، هەر هەمان ئەم تاوانانەن کەوا دەبێ بە پێ ی یاسای نێودەولەتی سزا بدرێن.
بۆ نمونە مادەی 6 لە جارڕی دادگای تاوانی نێودەولەتی جینۆساید بە یەکێ لەم تاوانانە ناو دەبات جگەلەوەش کەوا رێککەوتنامەی قەدەغەکردنو سزادانی تاوانی جینوسایدی سالی 1948 هەر هەمان تاوان بە تاوانێکی نێودەبات.

لێرەدا ئەم تاوانانەی کەوا لە لایەن ڕژێمی فاشی گۆڕبەگۆڕ دژ بە میللەتی کورد کراون هەروەکو مادەی 58 داوا دەکات ڕاستکرێنەوە هەر هەمویان لە چوارچێوەی تاوانی جینۆساید دژ بە میللەتی کورد ئەنجامدراون. ئەم ڕاستی یەش بە پێ ی ڕاپۆرتەکانی نێراوی نەتەوە یەکرگرتوە کان بۆ عێراق فان دێر ستۆیل لە سالانی 1992-1994 وە هەروەها ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وە بەلگەنامەکانی وەکو گۆڕە بە کۆمەلەکانو شاهیدەکانی تاوانەکانی ئەنفال سەلمێندراوە.

مادەی 7 جارەکەش پێناسەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دەکات وە لە چوارچێوەی ئەم تاوانانە ناوی تاوانەکانی ڕاگواستنەوەی بە زۆرو، زیندانی کردنو، ئەشکەنجەدانو تاوانی تریش دەبات. ئەم تاوانانەش هەرهەمویان دژ بە میللەتی کورد کراون بۆیە کاتێک مادەی 58 ئاماژە بۆ تاوانەکانی ڕاگواستنەوەی بە زۆر دێنێت مەبەستی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی یە کەوا دەبێ ڕاستکرێنەوە.

ئەوەی پەیوەندیشی بە تاوانەکانی جەنگەوە دژ بە میللەتی کورد هەبێت ئەوا لە مادەی 8 ی جارِی دادگای تاوانی نێودەولەتی دەتوانین بیخوێنینەوە کەوا تاوانەکانی جەنگ بریتین لە پێشێلکردنی قورسی ڕێککەوتنامەکانی جنێڤی سالی 1949 وە هەروەها تاوانەکانی پاکسازی نەژادیو رگواستنەوەی بە زۆر لە کاتی شەرِا. هەمو ئەم تاوانانەش لە کاتی شەرِی ئێرانو عێراقداو شەرِی دژ بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردوستانو شەرِەکانی ڕژێم دژ بە خەلقانی کوردوستان کراون هەروەکو لە ڕاپۆرتەکانی فان دێر ستۆیل هاتوە.

جگە لەوەش کەوا بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 752 لە سەر یۆغسلافیا وە بریاری ژمارە 935 لە سەر ڕواندا بە هەمانجۆر تاوانەکانی پاکسازی نەژادیو ڕاگواستنەوەی بە زۆر بە جۆرێک لە ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید دەستنیشاندەکەن.

کەواتە لێرەدا کە توانیمان بیسەلمێنین کەوا مادەی 58 لە ڕاستیدا هەولی ڕاستکردنەوەی تاوانە نێو دەولەتی یەکان دژ بە میللەتی کوردو کەمایەتی یە نەتەوایەتی کان دەدات، دەبێ عێراقیش پابەند بێت بە جێ بە جێ کردنی ئەم مادەیە بە پێ ی یاسای نێو دەولەتی. شێوەی جێ بە جێ کردنی ئەم مادەیەش لە یاسای نێو دەولەتی هەروەکو تیۆریو پراکتیزەکردنی یاسای نێودەولەتی پشانی دەدات دەتوانێت جۆری جیا جیا وەرگرێت یاخود چەند جۆرێک بە یەکەوە.

**چۆنی یەتی جێ بە جێ کردنی مادەی 58 لە یاسای نێودەولەتی:**

لێرەدا دەبێ پێشتر ئاماژە بۆ دوو پرنسیپی هەرە سەرەکی یاسای نێودەولەتی بکرێت لە بواری لێپرسینەوەی نێودەولەتی کەوا گرنگیەکی تایبەتیان هەیە بۆ مادەی 58:

1. گۆرانی حکومەتو سیستەمی سیاسی دەولەتێک لێپرسینەوەی نێودەولەتی لە سەر ئەم دەولەتە لانابات. واتە دەولەتی ئێستای عێراق هەرچەندە ڕژێمی تاوانباری بەعسی ڕوخاو بە تاوانەکان هەلساوە، دەولەتی نوێ ی عێراق لێپرسراوەتی بۆ ڕژێمی ڕابردو دەکەوێتە ئەستۆی بۆ سزادانی تاوانبارانو، لابردنی ئاسەوارەکانی تاوانەکان وەکو بۆ نمونە قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی خەلق، گەڕاندنەوەی بەزۆز دەربەدەرکراوەکانی کوردو کەمایەتی یە نەتەوەکانی ترو، پوچەلکردنەوەی هەمو ئەو یاساو بریارانەی کەوا ڕژێمی پێشو بۆ مەبەستی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیو چەوساندنەوەو جینۆساید دەری کردبو. نمونەی ئەم پرنسیپەش لە یاسای نێودەولەتی وولاتانی ئەلمانیاو یابانو نەمسان پاش شەرِی جیهانی دووەم کەوا ڕوبەڕوی لێپرسینەوە بونەوە بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕژێمی نازیو فاشیستی ڕوخێنراو لەم وولاتانەدا. لەم وولاتانە حکومەتاتی نوێ هەلسان بە ئەرکەکانی خۆیان لە چوارچێوەی لێپرسینەوەی نێودەولەتی.
2. هیچ دەولەتێک بۆی نی یە یاسای ناوخۆ بە کار بێنێت وەکو پاساوێک بۆ خۆ دزینەوە لە ئیلتیزاماتی نێو دەولەتی: واتە دەولەتی عێراقی ئێستا بە هیچ جۆرێک ناتوانێت لە ڕێگای یاسایەکەوە هەرچەندە یاسای دەستوریش بێت خۆی لە جێ بە جێ کردنی مادەی 58 بدزێتەوە چونکە ئەم مادەیە سەرچاوەی خۆی لە یاسای نێودەولەتی دەدۆزێتەوە.

له لایەنی تیۆریشەوە، یاسای نێودەولەتی هەروەکو لە ڕێککەوتنامەی سالی 2000 ی ئامادەکراو لە لایەن لیژنەی یاسای نێودەولەتی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هاتوە، جێ بە جێ کردنی ئیلتیزاماتی نێودەولەتی لە چوارچێوەی لێپرسینەوەی نێودەولەتی دەتوانێت بەم شێوانەی خوارەوە بێت:

1. دووبارە سازکردنەوەی باری پێش ڕودانی تاوانەکە: واتە بۆ نمونە گەڕاندنەوەی خەلقە دەربەدەرکراوەکان بۆ سەر ڕێوشوێنی خۆیان وە گەڕاندنەوەی مولکەکانیان وە لابردنی هەمو ئەم یاساو بڕیارانەی کەوا ڕژێمی پێشو دەری کردبو لە پێناوی جێ بەجێ کردنی تاوانەکانی دژ بە یاسای نێودەولەتی وەکو بۆ نمونە لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەو گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییو چاکردنەوە سنورە ئیداری یە شێواندراوەکانو گەڕانەوەی دەرکراوەکان بۆ سەرکاری خۆیان. ئەم تاوانانە کەوا مادەی 58 یش باسی دەکات ڕژێمی ڕوخاو لە پێناوی جێ بە جێ کردنی تاوانی جینۆساید ئەنجامی دابو بۆیە دەبێ بە پێ ی یاسای نێودەولەتی لا بدرێت.
2. قەرەبوکردنەوە: لە زۆر حالەتدا دووبارە سازکردنەوە باری پێشو مەحالە بۆ نمونە چونکە مولکەکان لە نێوبردراون یاخود خاوەن مافە کە لە بەر هۆی تەمەنو تەندروستی ناتوانێت بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی یاخود خاوەن مافەکان تەنها کەسوکاریان لە ژیان ماوە، لێرەدا دەبێ ئەم جۆرە قوربانیانە لە ڕێگای مادەوە وە بە شێوەیەکی عادیلانە قەرەبو بکرێنەوە.
3. گەرەنتی دووبارە نەبونەوەی تاوانەکان: هەلسان بە تاوانێک لە لایەن دەولەتێکەوە دژ بە کەسانێکو گروپێک لە هاولاتیانی خۆی هۆکاری یاسایو سیاسیو ئابوری کۆمەلایەتی هەیە، بۆیە لانەبردنی ئەم هۆکارانە ئەگەری دووبارەبونەوەی ئەم تاوانانەی لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا بە پەیوەندی لە گەل مادەی 58 و میللەتی کوردو کەمایەتی نەتەوەیی یەکان لە عێراق دەبێ بگوترێ کەوا میللەتی کورد لە سەرەتای دامەزراندنی دەولەتی عێراقدا لە سالی 1921 وە تا ڕادەیەک تا ئێستاش میللەتێک نەبوە یەکسانبێت لە مافو ئەرکدا لەم ولاتە وە هەردەم مرۆڤی کورد هاولاتی پلە دوو وە سێ بوە، ئەمەش چونکە دەستورە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق زولمیان لە میللەتی کورد کردوە وە کورد لە بواری سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیش چەوسێندراوەتەوە هەتا تاوانی جینۆسایدی لێ کەوتەوە. هەر بۆیە دەبێ لە دەستوری عێراقی نوێوە دەست پێ بکرێت وە ئەم زولمە دژ بە میللەتی کورد لا ببرێت وە دان بە هەمو ئەم مافانە بنرێت کەوا میللەتی کورد لە چوارچێوەی یاسای نێودەولەتیو ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤ شایانی یەتی. جگە لەوەش دەبێ عێراق گەرەنتی نێودەولەتی بدات بە کۆمەلگای نێو دەولەتی وە ئەندامە هەمیشەیی یەکانی ئەنجومەنی ئاسایش ببن بە کە فیلی کەوا ئەم ولاتە لە داهاتودا ڕیز لە مافی میللەتانو ئاینەکانی تر لە عێراقدا دەگرێت.
4. داوای لێ بوردن کردن: وەکو شێوەیەک لە قەرەبوکردنەوەی دەرونی دەبێ حکومەت داوای لێ بوردن لە قوربانیانی تاوانەکانی ڕژێمو حکومەتانی پێشو بکات. ئەمەش دەبێ بە شێوەیەکی ڕەسمیو ئاشکرا ڕوبدات. ئەمە بە پەیوەندی لە گەل مادەی 58 وا دەگەیەنێت کەوا حکومەتی نۆی عێراق دەبێ بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕەسمی داوای لێ بوردن لە میللەتی کورد بە شێوەیەکی گشتیو قوربانینای ئەنفال بە شێوەیەکی تایبەت بکات لەم تاوانانەی کەوا ڕژێمی ڕوخاو دژ بە میللەتی کورد ئەنجامی داوە.

لە لایەنی مەیدانیشەوە واتە لە بواری پراکتیزەکردنی ئیلتیزامی دەولەتان لە چوارچێوەی لێپرسینەوەی نێودەولەتی وە ئەوەی پەیوەندی بە مادەی 58 وە هەبێت وە بتوانرێت ببێتە بناغەیەکو نمونەیەک بۆی ئەوا ئەم نمونانەی خوارەوە دێنینەوە:

1. ئەفریقیای خوارو: قوربانیانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی پێشوی ئەم ولاتە بە پێی دەستوری نوێی ئەفریقیای خواروو یاسی ژمارە 22 ی سالی 1994 بۆیان هەیە داوای گەڕانەوەی ئەم مولکو زەوی یانە بکەنەوە کەوا لە نێوان سالانی 1913-1998 بە زۆر لێ یان زەوتکرابو یاخود قەرەبو بکرێنەوە. لە مادەی 25 بڕگەی 7 ی دەستوری ئەفریقیای خوارو هاتوە: هەرکەسێک یاخود کۆمەلە کەسانێک کەوا لە سالی 1913 مولکی خۆیان لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە لە دەستداوە بۆیان هەیە داوای گەڕانەوەی ئەم مولکانە یاخود قەرەبوکردنەوەیەکی عادیلانە بکەن.

2. ئەلمانیا: پاش شەڕی جیهانی دووەم ئەلمانیا جگە لە سزادانی تاوانبارانی جەنگ، هەلسا بە چەند هەنگاوێک بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی تاوانەکانی ڕژێمی نازی. بۆ نمونە هەر لە سالی 1952 سەدەها ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی تاوانەکانی نازی یەکان جگە لە گەڕاندنەوەی مولکی زەوتکراو بۆ خاوەنە شەرعی یەکانیان.

3. یابان: حکومەتی یابانیش پاش شەڕی جیهانی دووەم دەستی کرد بە قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی تاوانی فاشیەکان ، بە تایبەتی قەرەبوکردنەوەی هاولاتیانی کۆریای باشور.

4. نەمسا: نەمساش لە پاش شەڕی جیهانی دووەمەوە تا ئێستاش خەریکی ڕەشکردنەوەی ئاسەوارەکانی تاوانی نازی یەکانە وە بۆ ئەم مەبەستە پارەیەکی زۆری تەرخانکردوە جگە لەوەش کەوا دادگاکانی نەمسا تا ئێستا چەندین تاوانباری نازی یان سزاداوە.

5. ئەمریکا: ئەمریکا لە شەڕی جیهانی دووەم وەکو هەنگاوێکی ئاسایشی هەلسا بە دەستبەسەرکردنی هەزارەها هاولاتی ئەمریکی بە ڕەگەز یابانی وە ئازاردانیان. کۆنگرێسی ئەمریکی وەکو هەنگاوێک بۆ لابردنی ئەم زولمە لە سالی 1988 یاسایەکی دەرکرد بە مەبەستی قەرەبوکردنەوەی قوربانی یەکان وە بۆ ئەم مەبەستەش 1,2 ملیار دۆلار تەرخانکرا. جگە لەوەش کەوا کۆنگرێس داوای لێبوردنی لەم هاولاتی یانە کرد.

هەروەکو دەبینین، لێپرسینەوەی نێودەولەتی لە بواری تیۆریو پراکتیزدا بۆتە پرنسیپێکی چەسپاوی یاسای نێودەولەتی، کەچی ئەوەی پەیوەندی بە عێراقو مادەی 58 هەیە کەمو کوڕی یەکی زۆر لەم بوارەدا بە دی دەکرێت. جا دەبێ هۆکارەکانی چی بن؟

**مادەی 58 بۆچی جێ بە جێ نەکراوە؟**

هەروەکو پێشتر باسی لێوەکرا هیچ گومانێک لەوەدا نی یە کەوا جێ بە جێ کردنی مادەی 58 ئیلتیزاماتێکی نێودەولەتی یە وە حکومەتی ئێستای عێراق بە پێ ی لێپرسینەوەی نێودەولەتی وە لە ئەنجامی ئەم تاوانانەی دژ بە میللەتی کورد کراون لە عێراقد لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم دەولەتە وە تاکو ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش، پابەندە بە جێ بە جێ کردنی ئەم مادەیە بە شێوەیەکی عادیلانە. هەرچەندە ئەم میکانیزمەی بۆ لابردنی ئاسەوارەکانی تاوانەکانی ڕژێمی پێشو دژ بە میللەتی کورد هاتون لە نزمترین ئاستدان، بۆ نمونە باسی چارەنوسی ئەنفالکراوەکانو قەرەبوکردنەوەی کەسوکارەکانیان نەکراوە وە بە هیێ جۆرێک داوای لە لێبوردنیش لە میللەتی کورد نەکراوەو....هتد، ئینجا ئەم مادەیە لە گەل ئەمەشدا جێ بە جێ نەکراوە.

هەرچەندە یاسای نێودەولەتیش بە شێوەیەکی گشتیو تایبەت باری لێپرسینەوە لەم تاوانانەی کەوا ڕژێمی پێشو دژ بە میللەتی کورد پێ ی هەلساوە دەخاتە مل دەولەتی عێراق هەرچۆن پێشتر لە بواری تیۆریو پراکتیکی نێودەولەتی لە چوارچێوەی لێپرسینەوەی نێودەولەتی ئاماژەمان بۆ کرد وە ڕاپۆرتەکانی نێراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عێراق لە سالانی 1992–1994 وە گۆرە بە کۆمەلەکانو شاهیدەکانی تاوانی ئەنفالیش دەیسەلمێنن، وە هەرچەندە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 688 جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە کەوا چەوسانەوەی خەلقانی سیڤیل لە عێراق وە لەوانەش چەوسانەوەی خەلقانی سیڤیلی کورد هەڕەشەیەکە بۆ ئاشتیو ئاسایشی جیهانی، مادەی 58 هەر هێشتا جێ بە جێ نەکراوە واتە ئێستاش ئەم هەڕەشەیە لە سەر ئاشتیو ئاسایشی جیهانی هەرماوە چونکە ئاسەوارەکانی تاوانەکانی ڕژێمی پێشو دژ بە میللەتی کورد هێشتا نەسڕاونەتەوە وە ئەگەری دووبارەبونەوەیان لێ دەکرێتەوە.

وە ئەوەی پەیوەندی بە سزادانی تاوانبارانی ڕژێمی پێشوشەوە هەبێت کەوا دەبوایە بە پێ ی یاسای نێودەولەتی سزا بدرێن هەرەکو چۆن بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 1483 جەختی لە سەر کردۆتەوە، ئەوا هێشتا تەنها یەک تاوانبار سزای دادگایی نەدراوە، وە ئەوانەی کەوا گیراویشن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کەچی هەزارەها تاوانبار لە تاوانی وەکو ئەنفال بەشداریان کردوە لەمانە زۆریان جاشو بەعسی یە کوردەکان کەوا ئێستا فیزی کوردایەتیشمان بە سەرەوە دەکەن.

لە مادەی 58 هاتوە کەوا دەبێ ئەو زولمەی ڕژێمی پێشو دژ بە هاولاتیان کردویەتی لە ڕاگواستنەوەی بە زۆرو زەوتکردنی مولکو گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیو دەرکردن لە سەر کارو شێواندنی سنوری ئیداری بۆ ئامانجی سیاسی، هەر هەمو ئاسەوارەکەی دەبێ ڕەشبکرێتەوە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ سەر دیدی بابو باپیرانو گەڕانەوە بۆ سەر کارو ڕاستکردنەوەی سنوری ئیداری، بەلام لە ڕاستیدا هەر هەمو ئەم خالانە هەمدیسان کۆسپیان دەخرێتە پێش.

کوانی تا ئێستا ئەگەر هەندێ خەلقیش گەڕابنەوە سەر مولکەکانی خۆیان ئەوا ئەم گەڕانەوەیە لە ڕێگای حکومەتەوە نەبوە بەلکو خەلقەکە خۆی گەڕاوەتەوە وە قەرەبوکردنەوەی زیانەکانیان تا ئێستا بە ڕێژەی 1% یش جێ بە جێ نەکراوە وە باسی گەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان بۆ پۆستە گشتی یەکان هەر ناکرێت.
ئەم میکانیزمو یاسایانەی بۆ مەبەستی جێ بە جێ کردنی مادەی 58 دارێژراون میکانیزمێکی بێ ددانن وە بودجەیەکی وایان بۆ تەرخان نەکراوە یاخود بە هۆی گەندەلی بودجەکە چارەنوسی دیار نی یە ئەگەر شتێکیش تەرخانکرابێت.

هۆکاری ڕاستەقینەی جێ بە جێ نەکردنی مادەی 58 جگە لەوەی کەوا لایەنی بەرامبەر ویستی نی یە، بێ کەسی میللەتی کوردە. هیچ مافێک بە شێوەیەکی سەربەخۆ نایەتە دەست کەس بەلکو دەبێ خاوەن ماف خۆی بە دوای بە دەستهێنانی مافەکانی خۆیدا بکەوێت. لە کوردوستاندا خەلق خۆیان لە بارێکی نیمچە کوێلەیاتیدا دەژین نە ویستیان هەیەو نە مافی تەواو، وە ئەوانەی کەوا خۆشیان کردۆتە دەمڕاستو نوێنەری لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی میللەتی کورد ناکەن بەلکو ئەم لایەنانە کەوا لە ئەسلدا دەسەلاتیان پێ بەخشیون وە دەسەلاتەکەشیان دەپارێزن.
نابێ هەر زۆر دوور بڕۆین با سەیرێکی باری تاوانبارانی ئەنفال بکەین لە کوردوستان لە جاشو ئەمین عامو بەعسی کورد وە چۆن ئەمانە دەسەلاتیان لە پێشتر زیاتر پەرەی سەندوەو بونەتە دەمڕاستمان لە حکومەتو پەرلەمان لە ژێر حوکمی هەردو ئیدارەی کوردی وە قوربانیانی تاوانەکانی ئەنفال ئێستا بە دەست برسێتی یەوە دەنالێنن.
لە ژێر ئەم بارەدا ناتوانین هەر تەنها ڕەشبینبین لە جێ بە جێ کردنی مادەی 58 بەلکو لە بەدەستهێنانی کەمترین ئاستی مافەکانی میللەتی کوردیش.
هەر میللەتێک ئەنفالچیو فایلدارو جاشو کۆنە ئەمین عامو بەعسیو خائنو دزو گەندەلو جاسوسو ئاغاو بەگو سەرۆک خێلو مشەخۆر نوێنەرایەتی بکات، مەحالە هیچ کاتێک بگاتە ئامانجەکانی خۆی لە لە ئازادیو کەرامەتو مافی چارەنوس.